# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ پرۆژەکانی پەلەوەرو شێوازی دابەشبوونیان لە پارێزگای هەولێر

پ.ی. م. محمد ظاهر کۆخاصادق[١] پ.د. أحمد جليل اسماعيل [٢]

[١-٢] زانکۆی کۆیە/ فاکەڵتی پەروەردە/ بەشی جوگرافیا، هەرێمی کوردستان/ عێراق.

**پوختە**

کەرتی کشتوکاڵ بە یەکێك لە پایە گرنگەکانی ئابووری دادەنرێت، چونکە خۆراك بۆ تەواوی دانیشتوان دابین دەکات، وێڕای دابین کردنی پێداویستییەکانی کەرستەی خاو بۆ کەرتی پیشەسازی، سامانی ئاژەڵ بە گشتی و کەرتی پەلەوەر بە تایبەتی بەشێکی گرنگە لە کەرتی کشتوکاڵی.

گرنگی لێکۆڵینەوەکە لەوەدایە بەرهەمی پەلەوەر بە سەرچاوەیەکی گرنگی خۆراکی بۆ دانیشتوان دادەنرێت، لە دابینکردنی ئاسایشی خۆراك، ئەم گرنگیەش لە زیادبوون دایە، بە هۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و زیادبوونی خواست لەسەری.

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە بریتیە لە دەرخستنی ئێستای بەرهەم هێنانی پەلەوەر لە پارێزگای هەولێر لە رووی شێوازی دابەشبوونیان. لێکۆڵینەوەکەمان دابەشکردووە بۆ سێ تەوەر، تەوەری یەکەم باس لە گرنگی پەلەوەر دەکات، تەوەری دووەم تایبەتە بە دابەشبوونی بایەخی رێژەیی پرۆژەکانی پەلەوەر، تەوەری سێیەم تەرخانکراوە بۆ شێوازی دابەشبوونی پرۆژەکانی پەلەوەر لە پارێزگاکە.

کلیلی ووشە: پەلەوەر، گرنگی پەلەوەر، بایەخی رێژەیی پرۆژەکانی پەلەوەر لە پاریزگای هەولێر.

## پێشەکی

کەرتی کشتوکاڵ وەك کەرتێکی گرنگ لە نێو چالاکییە ئابووریەکاندا بە یەکێك لە سەرەکیترین کەرتەکانی ئابووری زۆربەی وڵاتانی جیهان دادەنرێت، چونکە خۆراك بۆ تەواوی دانیشتوانی جیهان دابین دەکات، وێڕای دابین کردنی پێداویستییەکانی کەرتی پیشەسازیش کە پشت بە کەرستەی خاوی کشتوکاڵی دەبەستێت، لەوانەش سامانی ئاژەڵ بە گشتی و کەرتی پەلەوەر بە تایبەتی، ڕۆڵ و کاریگەری گەورەی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە.

ناوچەی لێکۆڵینەوەش چەندین پرۆژەی جۆربەجۆری پەلەوەری تێدا بەدی دەکرێت، لە رووی چەندێتی و چۆنێتی لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی پاریزگاکە جیاوازەو دەگۆڕێت، لە هەمان کاتدا ڕۆڵ و کاریگەریان لەسەر دابینکردنی خۆراك و ڕەخساندنی هەلی کارو سوودو قازانج هەیە.

**گرنگی لێکۆڵینەوە:** بەرهەمی پەلەوەر بە سەرچاوەیەکی گرنگی خۆراکی بۆ دانیشتوان دادەنرێت، کاریگەری گەورەی لەسەر دابینکردنی ئاسایشی خۆراك هەیە، ئەم گرنگیەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبوون دایە، بە هۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لەلایەك و گرانی نرخی گۆشتی سوورو هۆشیاری تاك بۆ ئەم جۆر خۆراکە لەلایەکی تر.

**کێشەی لێکۆڵینەوە:** ئەوەیە کە جیاوازی لە پێکهاتەی جۆری پرۆژەکان هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی جیاوازی

مجلّة پۆلیتکنیك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 5، العدد ١ (2024)
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٢٥ يناير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

شوێنی لە ڕووی دابەشبوونی جوگرافی ژمارەی پرۆژەکانی بەرهەمی پەلەوەر لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

**گریمانەی لێکۆڵینەوە:** دابەشبوونی جوگرافی پرۆژەکانی پەلەوەر لە یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگای هەولێر لە ڕووی ڕووبەرو ژمارەی هۆڵەکان و توانی لەخۆگرتن و بڕی بەرهەم جیاوازی گەورەیان هەیە, کە دەبێتە هۆی ناهاوسەنگی لە شێوازی دابەشبوونیان.

**میتۆدی لێکۆڵینەوە:** هەموو لێکۆڵینەوەیەکی زانستی پێویستی بە میتۆدێك یاخود چەند میتۆدێك هەیە، بۆ گەیشتن بە ئامانجە زانستییەکان، لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشتمان بە هەر دوو میتۆدی بنەڕەتی و شیکاری بەستووە، سەرەڕای بەکارهێنانی ئامرازی چەندێتی پێویست بۆ شیکردنەوەی داتاکان لە ڕێگەی زانیارییە ئامارییەکان **(SPSS)و (GIS).**

**ئامانجی لێکۆڵینەوە:**
دەرخستنی بارودۆخی ئێستای بەرهەم هێنانی پەلەوەرە لە پارێزگای هەولێر لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتی و دەست نیشانکردنی شێوازی دابەشبوونی جوگرافی کێڵگەکانی پەلەوەر لە پارێزگای هەولێر.

**پلانی لێکۆڵینەوەکە:** بەمەبەستی گەیشتن بەو ئامانجەی سەرەوە، لێکۆڵینەوەکەمان دابەشکردووە بۆ سەر سێ تەوەرە، تەوەری یەکەم باس لە گرنگی پەلوەر دەکات، تەوەری دووەم تەرخانکراوە بۆ باسکردن لە دابەشبوونی جوگرافی بایەخی ڕێژەیی پرۆژەکانی پەلەوەر لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، تەوەری سێیەم تایبەتکراوە بە شێوازی دابەشبوونی پرۆژەکانی پەلەوەر لە پارێزگاکە.


**دیاریکردنی سنوری شوێنی و کاتی ناوچەی لێکۆڵینەوە:**
دیاریکردنی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ڕووی شوێنی فەلەکی دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی بازنەی پانی (٣٠,٣٥°-١٥,٣٧°) باکوورو هەردوو هێڵی درێژی (٢٢,٤٣°-٠٥,٤٥°) خۆرهەڵات.

سەبارەت بە دیاریکردنی شوێنی جوگرافی پارێزگاکە دەکەوێتە بەشی باکووری خۆرهەڵاتی عێراق و ناوەڕاستی هەرێمی کوردستان، لە بەشی باکوورو باکووری خۆرهەڵات هاوسنوورە لەگەڵ هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا، لە خۆرهەڵات پارێزگای سلێمانی و لە بەشی باشوورو باشووری خۆرهەڵات زێی بچووك لە پارێزگای کەرکوك جیایدەکاتەوە، لە بەشی خۆرئاواشەوە زێی گەورە لەهەردوو پارێزگای دهۆك و نەینەوا جیادەکاتەوە، بروانە نەخشەی (١).

ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ڕووی کارێگێرییەوە لە (١٠) قەزا پێکهاتووە، بریتین لە (ناوەندو دەشتی هەولێرو کۆیەو مەخمورو خەبات و شەقلاوەو سۆران و ڕواندزو مێرگەسۆرو چۆمان)ی لەخۆگرتووە، بەڵام ئەوەی تایبەت بێت بە ڕووبەری پارێزگاکە دەگاتە (١٤,٧٤٦کم٢).

مجلّة پۆلیتکنیك للعلوم الإنسانیة والإجتماعیة
المجلد 5، العدد ١ (2024)
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٢٥ يناير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

نەخشەی (١) شوێنی جوگرافی پارێزگای هەولێر بە گوێرەی ناوچەکانی دەوروبەری




سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشت بەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی بەشی سیستەمی زانیاری و نەخشەسازی (GIS)، نەخشەی یەکە کارگێرییەکانی پارێزگای هەولێر، ٢٠٢٠.


ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٢٥ يناير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليا مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

### تەوەری یەكەم/ گرنگی پەلەوەر لە ڕووی خۆراك و پیشەسازی:

كەرتی پەلەوەر وەك كەرتێكی گرنگی كشتوكاڵی ڕۆڵ و كاریگەری گەورەی لە بونیادنانی پایەكانی ئابووری هەر ناوچەو هەرێم و وڵاتێكدا هەیە، دەتوانین ئەم گرنگیە لەم خاڵانەی خوارەوە دەست نیشان بكەین:

#### ١- گرنگی خۆراكی پەلەوەر:

ئەو برە خۆراكەی مرۆڤ پێویستیەتی لە بەروبومی ئاژەڵی كاریگەری لەسەر توانای داهێنان و نوێ بوونەوەی هەیە، بە درێژایی تەمەن و ژیری و بیرو هزرێكی تەندروستی بۆ دابین دەكات.

شارەزایان و پسپۆڕانی خۆراك دووپاتی دەكەنەوەو سەلماندوویانە كەوا پرۆتینی ئاژەڵی بەرپرسە لە بونیادنانی لەش بۆ بەرگری لە نەخۆشییەكان، پەلەوەریش بەیەكێك لە گرنگترین بەروبومی ئاژەڵییەكان دادەنرێت كە پرۆتینی ئاژەڵی و ماددە چەورییەكانی تێدایە، وایكرد گرنگی زیاتر بێت، كە بووە هۆی ئەوەی بەشێوەیەكی بەرفراوان خواست و داواكاری لەسەر بێت(الفراجي، ٢٠٠٤، ١٣).

گۆشتی مریشك بە خۆراكێكی باش دادەنرێت، بەهای خۆراكی بەرزەو بەوە جیادەكرێتەوە كە بە ئاسانی هەرس دەكرێت و خەڵكێكی زۆر بەكاری دەهێنن، بە بەراورد بە جۆرەكانی تری گۆشت(السائغ و أخرون، ١٩٨٧،٣١٦)، بە هۆی ئەو گرنگی و تایبەتمەندیەی پەلەوەری مریشك هەیەتی توانایەكی زۆری هەیە، بۆ وەرگرتنی ماددەی خۆراكی و خێرا گەشەكردنی، ئەم هۆكارەش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی كە داواكاری زۆری لەسەر بێت بە شێوەیەكی بەردەوام لە زۆربەی وڵاتانی جیهان (مرعي و القصاب، ١٩٩٦، ٤٠٣).

گرنگی و بایەخی گۆشتی پەلەوەر لە ماددە خۆراكیەكان دایە، بڕوانە خشتەی ژمارە (١) بۆمان ڕوون دەبێتەوە بەرزی بڕی پرۆتین لە گۆشتی مریشك بەبەراورد لەگەڵ جۆرەكانی تری گۆشت و بەروبوومە ئاژەڵییەكاندا، لە گۆشتی مریشك (١٩٠) گرامە/ یەك كیلۆ گرامدا، لە گۆشتی سوور (١٤٧) گرامە/ یەك كیلۆ گرامدا، لە گۆشتی ماسی (١١٥) گرامە/ یەك كیلۆ گرام، لە هێلكە (١١٠) گرامە/ یەك كیلۆدا، بەڵام بەرهەمی شیر نزم دەبێتەوە بۆ (٣٥) گرام/ لە یەك كیلۆدا.

خشتەی (١) بڕی پرۆتین و ڕێژەی چەوری و كالۆری لە یەك كیلۆ گرام لە بەرهەمە ئاژەڵییەكان

| بەرهەم | پرۆتینی پوخت گرام/ كیلۆ گرام | ڕێژەی چەوری % | كالۆری (گەرمۆكە/ كیلۆ گرام) |
|---|---|---|---|
| گۆشتی مریشك | ١٩٠ | ٠،٠٤ | ١٣٤٧ |
| گۆشتی سوور | ١٤٧ | ٢٢ | ١٦٣٠ |
| گۆشتی ماسی | ١١٥ | - | ١٣٤٧ |
| هێلكە | ١١٠ | ١٠ | ١٤٤٠ |
| شیر | ٣٥ | - | ٦٥٠ |

سەرچاوە: انتظار ابراهيم حسين الموسوي، التحليل الجغرافي لاقليم الدواجن قضاء الديوانية، رسالة ماجتسير (غير منشورة)، كلية الاداب، جامعة القادسية، ٢٠٠١، ص١٥٥.

بەڵام سەبارە بە ڕێژەی چەوری لە گۆشتی مریشك زۆر نزمەو (٠،٠٤٪)، لە گۆشتی سوور (٢٢٪) و لە ماسی (-)، لە هێلكە (١٠٪) و لە بەرهەمی شیر (-)، ئەوەی تایبەت بێت بە كالۆری لە گۆشتی مریشك نزمە بە بەراورد بە بەرهەمە ئاژەڵییەكان (١٣٤٧) و لە گۆشتی سوور (١٦٣٠) و لە گۆشتی ماسی (١٣٤٧) و لە هێلكە


ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٢٥ يناير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

(١٤٤٠) و له بەرهەمی شیر (٦٥٠) کالۆریەو له هەموو بەرهەمەکانی تر نزمترە، لەمەشدا ڕادەی بایەخ و گرنگی گۆشتی پەلەوەرمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

سەرەڕای ئەمەش بەرزی ڕێژەی پوختی گۆشتی مریشك به بەراورد لەگەڵ ئاژەڵەکانی تر جگه له گۆشتی بەراز نەبێت، ڕێژەی پوختی گۆشتەکەی مەبەستمان له پوختی دوای سەربڕینی و فڕێدانی پاشماوەکانیەتی ئەوەی دەمێنێتەوە دەچێتە چوارچێوەی گۆشتی پوخت، ڕێژەی پوخت له گۆشتی مریشك له نێوان (٦٥-٧٠٪)، گۆشتی مەڕ نزیکەی (٥٤٪) و له مانگا (٦٠٪) و گۆشتی بەراز (٧٦٪) گۆشتی پوخت پێك دەهێنێت (ابراهیم، ١٩٨٣، ١٠).

بەڵام سەبارەت به هێلکه خۆراکێکی سەرەکیه بۆ مرۆڤ، سەرەڕای ئەمەش پرۆتینی هێلکه گونجاوترە به بەراورد لەگەڵ ئەو پرۆتینەی که له شیردا هەیە، له ڕووی بەهای خۆراکییەوە پرۆتینی هێلکه باشترە به هۆی بەرزی کرداری هەرس کردن و بەهای زیندەگی بۆ مرۆڤ، پرۆتینی هێلکه کاریگەری پۆزەتیڤی هەیە، بۆ بەرزبوونەوەی بەرگری لەشی مرۆڤ دژی نەخۆشییەکان، گەلێك ماددەی خۆراکی گرنگی تێدایە، جگه لەمەش پرۆتینی هێلکه تەواوی ترشە ئەمۆنیە پێویستییەکانی تێدایە، ئەمەش بەهایەکی تەواو پێوەرێکی بەرزی بۆ دەستەبەر دەکات له کاتی خواردن و بەکارهێنانیدا (حسن ٢٠٠٩، ١٧)،

بەشێك له پسپۆڕو شارەزایان ئاماژە بەوە دەکەن یەك هێلکەی مریشك دەتوانێت پێداویستییەکانی ڕۆژانەی مرۆڤ له ڤیتامین (**A**) به ڕێژەی (١٣-١٥٪) و ڤیتامین (**D**) به ڕێژەی (١٠-٤٠٪) و ڤیتامین (**B2**) به ڕێژەی (٩٪) و ڤیتامین (**B12**) به ڕێژەی (٥٠-١٠٠٪) پڕبکاتەوە (مصطفی، ١٩٩٧، ٤١).

## ٢- گرنگی پەلەوەر له ڕووی پیشەسازی:

چەمکی پیشەسازی پەلەوەر هەموو کارە کشتوکاڵی و پیشەسازی و بازرگانی و زانستییەکان دەگرێتەوە، که پەیوەستن به بەرهەم هێنان یان سوود وەرگرتنی مرۆڤ بۆ بەدەست هێنانی داهات (الصائغ و أخرون، ١٩٨٧، ٣١١)، پیشەسازی پەلەوەر دەچێتە چوارچێوەی کرداری بەرهەم هێنان که پەیوەستە به پیشەسازی ئامێرو ئالیك و دەرمان و پێکوتەی تایبەت به پەلەوەر، (عبدالله، ٢٠١٧، ٦٤)، له ئەنجامی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و پێشکەوتنی لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هۆشیاری تەندروستی لەلایەن هاوڵاتیان و توانستی کڕینیان لەسەر زیادبوونی خواست بۆ بەرهەمەکانی پەلەوەر، ئەمانە هەمووی بووە پاڵنەرێك بۆ خاوەن سەرمایەکان، بۆ ئەوەی سەرمایەکەیان لەو بوارەدا وەبەربهێنن بۆ به دەست هێنانی سوودی ماددی، که بووە هۆی به دیارکەوتنی کێڵگەی تایبەت به بەخێوکردن و پەروەردەکردنی پەلەوەرو پیشەسازی پەلەوەری پێشکەوتوو گرنگ ئەمەش کاریگەری لەسەر ئابووری وڵات هەبوو، به هەمان شێوە ڕۆڵ و کاریگەری گەورەی لەسەر فەراهەم بوونی هەلی کارو دابین کردنی پێداویستییەکانی دانیشتوان له گۆشت و هێلکه لەلایەکی تر هەبوو (جابر، ٢٠١٢، ٢٤٤)، بەکارهێنانی پەلەوەرو بەرهەمەکانی له پیشەسازییدا ئەم بوارانە دەگرێتەوە:

### أ- پیشەسازی خۆراك:

مریشکی زیندوو بەشداری پیشەسازی ئامادەکردنی گۆشت دەکات، ئەم پیشەسازیەش خۆی دەبینێتەوە له سەربڕین و پاککردنەوەی پاشماوەکان و پاراستن و دانانیان له ساردکەرەوەکان تاوەکو دەگاتە دەستی بەکاربەر، ئەم پیشەسازییە گرنگیەکی گەورەی له فەراهەم کردن و دابین کردنی گۆشت هەیە، که بەهایەکی بەرزی خۆراکیان هەیە، که له پێشوودا ئاماژەمان پێکرد، بەڵام ئەوەی تایبەت بێت به هێلکه بەشداری له پیشەسازی خۆراکی دەکات، وەك پێکهاتەیەکی سەرەتایی و کەرستەی خاو له پیشەسازی شیرنەمەنی و هەویرکاریدا (عبدالله، ٢٠١٧، ٦٨).

### ب- پیشەسازی ئالیك و پرۆتین:

پاشماوەکانی پەلەوەر وەك پەڕو توك خوێن و بەشەکانی تری که بێ سوودن و به کەڵکی خواردن نایەت و فڕێدانیان کاریگەری خراپی لەسەر پیس بوونی ژینگەو تەندروستی مرۆڤ هەیە، بەڵام له بەشێکی وڵاتە پێشکەوتووەکان توانراوە سوود لەو پاشماوانە ببینن پاش سەربڕین و پاککردنەوەیان، به تایبەتی هاڕاوەی ئێسك بەشداری پیشەسازی دەکات، چونکه ڕێژەیەکی زۆر پرۆتینی تێدایە له دروست کردنی ئالیکی پەلەوەر بەکاردەهێنرێت و سوودی لێ دەبینرێت، ئەم وڵاتانە گرنگیەکی زۆریان بەم جۆرە پیشەسازیە داوە له ڕێگەی پەرەپێدان و پێشخستنیان، بەکارهێنانی پاشماوەکانی بۆ ئامادەکردن و دروستکردنی ئالیك به تایبەتی بۆ ئاژەڵی دابەستەی وەك مەڕو گۆلك و مانگای شیر سوودی زۆری لێ دەبینرێت، سەرەڕای ئەمەش دەتوانرێت ببێتە جێگرەوەی (٢٥٪) پاقلەی سۆیا و جێگرەوەی هەندێك


ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٢٥ يناير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

بەروبوومی کشتوکاڵی کە وەك پرۆتینی ئالیکی بەکاردەهێنرێت (الموسوي، ٢٠٠١، ١٥٨).

**پ- پیشەسازی پەین:**

بەکارهێنانی توێکڵی هێلکە لە ئامادەکردن و دروستکردنی پەین، هەروەها ئامادەکردن و تێکەڵەکردنی لەگەڵ خوێی کانزایی، سەرەڕای ئەمەش ڕیقنەو پاشەڕۆی پەلەوەر وەك پەینی ئەندامی بۆ خاك بەکاردەهێنرێت، کە دەبێتە هۆی زیادبوونی بە پیتی خاك، پاشەڕۆی پەلەوەر گرنگی زۆری هەیە، وەك پەینی ئەندامی، کە پێکهاتووە لە توخمەکانی نایترۆجین (٣،٥-٦٪) و فسفۆر (١،٤-١،٨٪) و پۆتاسیۆم (١،٢-٢،١٪)، ئەم جۆرە پەینە گرنگیەکی گەورەی لە بەرزکردنەوەی بە پیتی خاك و باش بوونی تایبەتمەندی خاك هەیە، دەبێتە هۆی پێشکەوتن و گەشەکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی (العتابي، ٢٠١٦، ١٤٥٣)، لە ناوچەی لێکۆڵینەوەو سوودی زۆری لێبینراوە، بە تایبەتی لەمساڵانەی دواییدا بە تایبەتی بۆ کشتوکاڵی سەوزە بۆ ئەو زەویانەی کە بە شێوەیەکی بەردەوام بەکاردەهێنرێت و و بە پیتیان لە دەست داوە.

**ج- بەکارهێنانی لە هەندێ پیشەسازی تر:**

بەرهەمە پەلەوەریەکان بەشداری لە هەندێك پیشەسازی تر دەکەن، لەوانە سپێنەی هێلکە لە پیشەسازی دەرمان و بۆیەو پەڕی وێنەی فۆتۆگرافی و مەرەکەبی پرێنتەرو چەسپی لەبەرگ گرتنی کتێب و چەندانی تر، بەڵام زەردێنەی هێلکە گرنگی گەورەی هەیە، لە بەشداری کردنی پیشەسازی بۆیەو ڕۆنی قژو شامپۆو سابون و، لە هەمان کاتدا پەڕی مریشك بەکاردێت لە پیشەسازی کەل و پەلی پاککەرەوەو سەرین و پێخەف و یاری منداڵان و چەندانی تر (شقیر، ١٩٩٧، ١٢).

زۆربەی پیشەسازییەکانی بەخێوکردنی پەلەوەری گۆشت و هێلکەی خواردن و هێلکەی هەڵهێنان و کارگەی ئالیك و سەربڕخانەو هەڵگرتن و کۆگاکردنی بەرهەمەکانی پەلەوەر لە هەرێمی کوردستان و پارێزگای هەولێر بەدی بوونی هەیە، بەڵام ئەوەی تایبەت بێت بە پیشەسازی دەرمانی چارەسەری نەخۆشییەکان و پیشەسازی گۆڕاوی بەرهەمە لاوەکییەکانی پاشماوەکانی پەلەوەری وەك پەڕو خوێن و ڕیخۆڵەو هێلکەی پیس و پەینی ئاژەڵی بەدی ناکرێت و کاریگەری خراپیان لەسەر ژینگەی ناوچەی لێکۆڵینەوە هەیە.

## باسی دووەم/ دابەشبوونی جوگرافی بایەخی ڕێژەیی (الاهمية النسبية) پرۆژەکانی پەلەوەر لە پارێزگای هەولێر

وەك ئاشکرایە دابەشبوونی شوێنی پرۆژەکانی پەلەوەر لە پارێزگای هەولێر جیاوازە لە یەکەیەکی کارگێری بۆ یەکەیەکی تر، لە ڕووی ژمارەی پرۆژەکان و ڕووبەری هۆڵ و ژمارەی هۆڵ و توانای لەخۆگرتنی پرۆژەکان بۆ پەلەوەرو بری بەرهەمی گۆشتی پوخت بۆ ئەو پرۆژانەی کە لە کارکردنی بەردەوام دان، بۆ هەر یەکە لە پرۆژەکانی پەلەوەر، بڕوانە نەخشەی (٢)، بەم شێوەی خوارەوە.

### ١- پرۆژەکانی پەلەوەری گۆشت:

دابەشبوونی بایەخی ڕێژەیی بۆ پرۆژەکانی پەلەوەری مریشکی جیاوازیەکی گەورە بەدی دەکرێت، لە یەکەیەکی کارگێری بۆ یەکەیەکی تر، بڕوانە خشتەی (٢)، لەم ڕووەوە قەزای دەشتی هەولێر لە ڕیزبەندی پلەی یەکەم دێت، بە ڕێژەی (٢٥٪)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی ژمارەی هۆڵ (٣٠،٥٪)و بەرهەمی گۆشتی پوخت بە ڕێژەی (٢٥،١٪)و ڕووبەری هۆڵ (٢٤،٩٪)و توانای لەخۆگرتنی پەلەوەر (٢٤،٤٪) و ژمارەی پرۆژەکانی بە ڕێژەی (٢٠٪) بووە.

قەزای کۆیە لە ڕووی بایەخی ڕێژەییەوە لە ریزبەندی دووەم دێت، بە ڕێژەی (١٦٪)، بەڵام لە ڕووی ڕووبەری هۆڵ (١٦،٨٪)و گۆشتی پوخت بە ڕێژەی (١٦،٧٪) و توانای لە خۆگرتنی پەلەوەری (١٦،٦٪) و ژمارەی پرۆژەکان (١٥،٩٪) و و ژمارەی هۆڵەکانی (١٣،٩٪) بووە، هەر یەکە لە قەزاکانی سەنتەرو شەقڵاوەو مێرگەسۆرو سۆران و ڕەواندوزو خەبات لە ڕووی بایەخی ڕێژەییەوە بە دوای یەکتری دێن، دواتر قەزای چۆمان لە ریزبەندی کۆتایی دێت، لە ڕووی بایەخی ڕێژەیی بۆ پرۆژەی پەلەوەری گۆشت، بە ڕێژەی (٢،٤٪)، بەڵام هەر یەکە لە ڕووی گۆشتی پوختی (٢،٧٪)و توانای لەخۆگرتنی پەلەوەری (٢،٦٪)و بەرهەمی ژمارەی پرۆژەی (٢،١٪)و ڕووبەری هۆڵ (٢،١٪)و ژمارەی هۆڵەکانی بەخێوکردنی (١،٧٪) بووە.

هۆکاری بەرزی بایەخی ڕێژەیی لە قەزای دەشتی هەولێرو هەندێ قەزای تر دەگەڕێتەوە بۆ گونجاوی بارودۆخی ئاوهەوایی و فراوانی ناوچەکە لە ڕووی دەشتایی و هۆیەکانی گواستنەوەو نزیکی لە بازاڕەکانی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان و بوونی ژمارەیەکی زۆری


ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٢٥ يناير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

کارگەی ئالیك هۆکارن بۆ زۆری ژمارەی پرۆژەکانی پەلەوەر لەو ناوچەیە.

| ژ | یەکەی کارگێری | ژ. پرۆژەکان | % | ڕووبەری هۆڵەکان | % | ژ. هۆڵەکان | % | توانای لەخۆگرتن | % | بری بەرهەمی پوخت | % | بایەخی ڕێژەیی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەنتەر | ٦١ | ١٣,١ | ٨٩٣٧٣ | ١٤ | ١٢٨ | ١٤,٥ | ١٠٧٤٣٥٠ | ١٣,٨ | 6980.7 | ١٣,٩ | ١٣,٨ | ٣ |
| ٢ | دەشتی هەولێر | ٩٣ | ٢٠ | ١٥٩٠٦٤ | ٢٤,٩ | ٢٧٠ | ٣٠,٥ | ١٩٠٣٥٥٠ | ٢٤,٤ | 12612.5 | ٢٥,١ | ٢٥ | ١ |
| ٣ | کۆیە | ٧٤ | ١٥,٩ | ١٠٧٤١٧ | ١٦,٨ | ١٢٣ | ١٣,٩ | ١٢٩٤٨٠٠ | ١٦,٦ | 8442.1 | ١٦,٨ | ١٦ | ٢ |
| ٤ | مەخمور | ٢٨ | ٦ | ٣١٤٤٢ | ٤,٩ | ٦١ | ٦,٩ | ٣٧٦٠٥٠ | ٤,٨ | 2449.3 | ٤,٩ | ٥,٥ | ٧ |
| ٥ | خەبات | ١٨ | ٣,٩ | ٢٥٢٤٣ | ٤ | ٣٦ | ٤,١ | ٣٠٢٥٠٠ | ٣,٩ | 1961.9 | ٣,٩ | ٤ | ٩ |
| ٦ | شەقڵاوە | ٦٨ | ١٤,٦ | ٨٣٧٢٧ | ١٣,١ | ١١٠ | ١٢,٤ | ١١٦٨٠٩٠ | ١٤,٩ | 6594.3 | ١٣,٢ | ١٣,٦ | ٤ |
| ٧ | سۆران | ٣٦ | ٧,٧ | ٣٧٨٣٦ | ٥,٩ | ٤٠ | ٤,٥ | ٤٣٧٥٠٠ | ٥,٦ | 2928.8 | ٥,٩ | ٦ | ٦ |
| ٨ | ڕەواندوز | ٢٢ | ٤,٧ | ٣٦٠١٢ | ٥,٦ | ٣٠ | ٣,٤ | ٤٣٣٢٥٠ | ٥,٥ | 2809.9 | ٥,٦ | ٥ | ٨ |
| ٩ | مێرگەسۆر | ٥٦ | ١٢ | ٥١٤٢٥ | ٨ | ٧٢ | ٨,١ | ٦١٨٥٥٠ | ٧,٩ | 4035.8 | ٨,١ | ٨,٨ | ٥ |
| ١٠ | چۆمان | ١٠ | ٢,١ | ١٨٠١٠ | ٢,٨ | ١٥ | ١,٧ | ٢٠٥٥٢٠ | ٢,٦ | 1339.1 | ٢,٧ | ٢,٤ | ١٠ |
| کۆ | | ٤٦٦ | ١٠٠ | ٦٣٩٥٤٩ | ١٠٠ | ٨٨٥ | ١٠٠ | ٧٨١٤١٦٠ | ١٠٠ | ٥٠١٥٤,٤ | ١٠٠ | ١٠٠ | |

خشتەی (٢) دابەشبوونی جوگرافی بایەخی ڕێژەیی پرۆژەکانی پەلەوەری گۆشت لە پارێزگای هەولێر

سەرچاوە/ کاری توێژەر ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە ١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕیوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، ٢٠٢١، داتای بڵاونەکراوە. ٢- لێکۆڵینەوەی مەیدانی (٢٠٢١/٦/١-٢٠٢١/٩/١).

## ٢- پرۆژەکانی پەلەوەری هێلکەی خواردن:


دابەشبوونی بایەخی ڕێژەیی بۆ پرۆژەکانی هێلکەی خواردن لە ناوچەی لێکۆڵینەوە جیاوازیەکی گەورە بەدی دەکرێت، سەرەرای ئەوەی بوونی ئەم پرۆژانە تەنها لە چوار یەکەی کارگێری بەدی دەکرێت، کە ئەوانیش هەر یەکە لە قەزاکانی دەشتی هەولێرو مەخمورو سەنتەرو شەقڵاوە، بڕوانە خشتەی (٣).

لەم ڕووەوە قەزای دەشتی هەولێر بە پلەی یەکەم دێت، لە ڕووی بایەخی ڕێژەیی دەگاتە (٤٦٪)، ژمارەی پرۆژەکانی (٥٠٪)و ڕووبەری هۆڵەکانی (٤٥,٦٪)و توانای لەخۆگرتنی (٤٥,٦٪)و بری بەرهەمی هێلکەی پوختی (٤٥,٥٪)و ژمارەی هۆڵەکانی (٤٣,٣٪) بووە، قەزای مەخمور لە ریزبەندی پلەی دووەم دێت، لە ڕووی بایەخی ڕێژەیی بۆ پرۆژەکانی هێلکەی خواردن، بایەخی ڕێژەیی (٣٣,٢٪)، بری بەرهەمی هێلکەی پوختی (٣٩,٣٪)و ڕووبەری هۆلەکانی (٣٩,٢٪) و توانای لەخۆگرتنی (٣٩,٢) ژمارەی هۆڵەکانی (٣٥,٨٪)و ژمارەی پرۆژەکانی (١٢,٥٪) بووە، پاشان قەزاکانی سەنتەرو شەقڵاوە بەدوای یەکتری دێن، هەر یەکە لە قەزاکانی کۆیەو خەبات و سۆران و ڕەواندوزو مێرگەسۆرو چۆمان هیچ جۆرە پرۆژەیەکی تێدا بەدی ناکرێت.

سەبارەت بە بەرزی بایەخی ڕێژەیی قەزای دەشتی هەولێر دەگەرێتەوە بۆ کاریگەری فاکتەرە سروشتیەکانی وەك گونجاوی بارودۆخی ئاووهەوایی و فراوانی ناوچەکەو کەمی بەربەستە سروشتییەکان، فاکتەرە مرۆییەکانی وەك نزیکیان لە بازاڕەکانی ساغردنەوەی بەرهەمەکان و بوونی دەستی کارو هۆیەکانی گواستنەوەو گەیاندن و پێویستی بە یوونی سەرمایەکی زۆر بۆ بونیادنانی هەیە، بە بەراورد لەگەڵ تەواوی یەکە کارگێرییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.


ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٢٥ يناير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

نەخشەی (٢) دابەشبوونی جوگرافی بایەخی ڕێژەیی پڕۆژەکانی پەلەوەر لە پارێزگای هەولێر




سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (٢، ٣، ٤، ٥).


ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٢٥ يناير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليا مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

| ژ | یەکەی کارگێری | ژ. پرۆژەکان | % | ڕوبەری هۆڵەکان | % | ژ. هۆڵەکان | % | توانی لەخۆگرتن | % | بری بەرهەمی پوخت | % | بایەخی ڕێژەیی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەنتەر | ٢ | ٢٥ | ١٠٨٠٠ | ٨,٦ | ١١ | ١٦,٤ | ٩٠٧٠٨٠٠٠ | ٨,٦ | ٨٩١٨٨٠٠٠ | ٨,٦ | ١٣,٤ | ٣ |
| ٢ | دەشتی هەولێر | ٤ | ٥٠ | ٥٧٣٢٠ | ٤٥,٦ | ٢٩ | ٤٣,٣ | ٤٨١٥٤٠٠٠٠ | ٤٥,٦ | ٤٧٤١٩٠٠٠٠ | ٤٥,٥ | ٤٦ | ١ |
| ٣ | مەخمور | ١ | ١٢,٥ | ٤٩٣٦٥ | ٣٩,٢ | ٢٤ | ٣٥,٨ | ٤١٤٧٢٠٠٠٠ | ٣٩,٢ | ٤٠٨٨٧٠٠٠ | ٣٩,٣ | ٣٣,٢ | ٢ |
| ٤ | شەقڵاوە | ١ | ١٢,٥ | ٨٣٣٠ | ٦,٦ | ٣ | ٤,٥ | ٧٠٠٠٠٠٠٠ | ٦,٦ | ٦٨٩٩٥٠٠٠ | ٦,٦ | ٧,٤ | ٤ |
| کۆ | | ٨ | ١٠٠ | ١٢٥٨١٥ | ١٠٠ | ٦٧ | ١٠٠ | ١٠٥٦٩٦٨٠٠٠ | ١٠٠ | ١٠٤١٢٤٣٠٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | |

خشتەی (٣) دابەشبوونی جوگرافی بایەخی ڕێژەیی پرۆژەکانی هێلکەی خواردن لە پارێزگای هەولێر

سەرچاوە/ کاری توێژەر ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە ١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، ٢٠٢١، داتای بڵاونەکراوە. ٢- لێکۆڵینەوەی مەیدانی(٢٠٢١/٦/١-٢٠٢١/٩/١).

**٣- پرۆژەکانی هەڵهێنانی جوجەڵە:**

سەبارەت بە دابەشبوونی بایەخی ڕێژەیی بۆ پرۆژەکانی هەڵهێنانی جوجەڵە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە جیاوازیەکی گەورە دەبینرێت، ئەم پرۆژانە تەنها لە حەوت یەکەی کارگێری بەدی دەکرێت، بڕوانە خشتەی (٤).

قەزای دەشتی هەولێر بە پلەی یەکەم دێت، لە ڕووی بایەخی ڕێژەیی (٥٠,٨٪)، بری بەرهەمی جوجەڵەی (٥٧,٨٪)و توانای لەخۆگرتنی (٥٧,٧٪)و ڕووبەری هۆڵەکانی (٥١,٤٪)و ژمارەی هۆڵەکانی (٤٣,٩٪)و ژمارەی پرۆژەکانی (٤٣,٣٪) بووە.

قەزای سەنتەر لە پلەی دووەم دایە، بایەخی ڕێژەیی (٢٥,٦٪)، ژمارەی پرۆژەکانی (٣٠٪)و ژمارەی هۆڵەکانی (٢٩,٣٪)و ڕووبەری هۆڵەکانی (٢٥,٥٪)و و توانای لەخۆگرتنی (٢١,٦٪)و بری بەرهەمی جوجەڵەی (٢١,٥٪) بووە.

هەر یەکە لە قەزاکانی شەقڵاوەو کۆیەو خەبات و مێرگەسۆرو مەخمور بە دوای یەکتری دێن، قەزاکانی سۆران و ڕواندزو چۆمان هیچ جۆرە پرۆژەیەکیان تێدابەدی ناکرێت، هۆکاری زۆری پرۆژەکان لە قەزای دەشتی هەولێرو سەنتەر دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی پرۆژەکانی پەلەوەری گۆشت، چونکە پێویستی زۆریان بە جوجەڵە هەیە، جگە لەمەش پێویستیان بە سەرمایەی گەورەو دەستی کاری شارەزا هەیە.

**٤- پرۆژەکانی پەلەوەری دایکانە (هێلکەی تروکاندن):**

بایەخی ڕێژەیی بۆ پرۆژەکانی هێلکەی تروکاندن لە پارێزگاکە جیاوازیەکی گەورە بەدی لە قەزایەکەوە بۆ قەزایەکی تر، ئەم پرۆژانە تەنها لە سێ یەکەی کارگێری بەدی دەکرێت، بڕوانە خشتەی (٥)، قەزای دەشتی هەولێر لە ریزبەندی یەکەم دێت، بایەخی ڕێژەیی (٧٩,٨٪)، توانای لەخۆگرتنی (٨٠,٦٪)و بەرهەمی هێلکەی تروکاندنی (٨٠,٦٪)و ژمارەی هۆڵ (٧٧,٤٪)و ڕووبەری هۆڵەکانی (٧٥,٨٪) بووە، قەزای کۆیە لە پلەی دووەم دایە، بایەخی ڕێژەیی (١٢,٥٪)، ڕووبەری هۆڵەکانی (١٧,١٪)و ژمارەی هۆڵەکانی (١٢,٩٪)و توانای لەخۆگرتنی (١٢,٥٪)و بری بەرهەمی هێلکەی تروکاندنی (١٢,٥٪) ژمارەی پرۆژەکانی (٧,٧٪) بووە. قەزای شەقڵاوە بە پلەی سێیەم دێت، بایەخی

ڕێژەیی (٧,٧ %)، ژمارەی پرۆژەکانی (٧,٧٪)و ڕووبەری هۆڵەکانی (٧,١٪)و ژمارەی هۆڵەکانی (٩,٧٪)و توانای لەخۆگرتنی (٦,٩٪)و بری بەرهەمی هێلکەی تروکاندنی (٦,٩٪) بووە.

بەرزی بایەخی ڕێژەیی لە قەزای دەشتی هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەری فەراهەم بوونی پسپۆری و شارەزایی لە بەخێوکردنی پەلەوەری هێلکەی دایکانەو فاکتەری ئابووری، چونکە پێویستی بە سەرمایەکی زۆر هەیە، بۆ دامەزراندن و بونیادنانی ئەم جۆرە پرۆژانە.

هەر یەکە لە قەزاکانی سەنتەرو مەخمورو خەبات و سۆران و ڕواندزو مێرگەسۆرو چۆمان هیچ جۆرە پرۆژەیەکی لەم جۆرەی تێدا بەدی ناکرێت.


ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٢٥ يناير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

خشتەی (٤) بایەخی ڕێژەیی پرۆژەکانی هەڵهێنانی جوجەڵە لە پارێزگای هەولێر

| ژ | یەکەی کارگێڕی | ژ. پرۆژەکان | % | ڕووبەری هۆڵەکان | % | ژ. هۆڵەکان | % | توانای لەخۆگرتن | % | بڕی بەرهەمی پوخت | % | بایەخی ڕێژەیی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەنتەر | ٩ | ٣٠ | ٥٠٥٥ | ٢٥,٥ | ١٢ | ٢٩,٣ | ٤٩٥٣٠٠٠٠ | ٢١,٦ | ٤٧٦٩٣٠٠٠ | ٢١,٥ | ٢٥,٦ | ٢ |
| ٢ | دەشتی هەولێر | ١٣ | ٤٣,٣ | ١٠٢٠٠ | ٥١,٤ | ١٨ | ٤٣,٩ | ١٣٢٤٤٥٠٠٠ | ٥٧,٧ | ١٢٨٤٩٥٠٠٠ | ٥٧,٨ | ٥٠,٨ | ١ |
| ٣ | کۆیە | ٢ | ٦,٧ | ١١٧٠ | ٥,٩ | ٢ | ٤,٩ | ١١٨٤٠٠٠٠ | ٥,٢ | ١١٥١٥٠٠٠ | ٥,٢ | ٥,٦ | ٤ |
| ٤ | مەخمور | ١ | ٣,٣ | ٤٩٠ | ٢,٥ | ١ | ٢,٤ | ٤٠٠٠٠٠٠ | ١,٨ | ٣٨٩٥٠٠٠ | ١,٨ | ٢,٤ | ٧ |
| ٥ | خەبات | ٢ | ٦,٧ | ٩٤٥ | ٤,٧ | ٣ | ٧,٣ | ٧٣٦٠٠٠٠ | ٣,٢ | ٧٠٩١٠٠٠ | ٣,٢ | ٥ | ٥ |
| ٦ | شەقڵاوە | ٢ | ٦,٧ | ١٣٥٠ | ٦,٨ | ٣ | ٧,٣ | ١٦٥٢٠٠٠٠ | ٧,٢ | ١٦٠٥٠٠٠٠ | ٧,٢ | ٧ | ٣ |
| ٧ | مێرگەسۆر | ١ | ٣,٣ | ٦٣٥ | ٣,٢ | ٢ | ٤,٩ | ٧٦٨٠٠٠٠ | ٣,٣ | ٧٤١٠٠٠٠ | ٣,٣ | ٣,٦ | ٦ |
| کۆ | | ٣٠ | ١٠٠ | ١٩٨٤٥ | ١٠٠ | ٤١ | ١٠٠ | ٢٢٩٣٧٥٠٠٠ | ١٠٠ | ٢٢٢١٤٩٠٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | |

سەرچاوە/ کاری توێژەر ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە ١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، ٢٠٢١، داتای بڵاونەکراوە. ٢- لێکۆڵینەوەی مەیدانی(٢٠٢١/٦/١-٢٠٢١/٩/١).

خشتەی (٥) بایەخی ڕێژەیی پرۆژەکانی پەلەوەری دایکانە (هێلکەی تروکاندن) لە پارێزگای هەولێر

| ژ | یەکەی کارگێڕی | ژ. پرۆژەکان | % | ڕووبەری هۆڵەکان | % | ژ. هۆڵەکان | % | توانای لەخۆگرتن | % | بڕی بەرهەمی پوخت | % | بایەخی ڕێژەیی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دەشتی هەولێر | ١١ | ٨٤,٦ | ٦٢١١٠ | ٧٥,٨ | ٤٨ | ٧٧,٤ | ٦٩٢١٩٨٨٠ | ٨٠,٦ | ٦٧٤٦٣٠٠٠ | ٨٠,٦ | ٧٩,٨ | ١ |
| ٢ | کۆیە | ١ | ٧,٧ | ١٤٠٠٠ | ١٧,١ | ٨ | ١٢,٩ | ١٠٧٥٢٠٠٠ | ١٢,٥ | ١٠٤٥٢٠٠٠ | ١٢,٥ | ١٢,٥ | ٢ |
| ٣ | شەقڵاوە | ١ | ٧,٧ | ٥٨٤٠ | ٧,١ | ٦ | ٩,٧ | ٥٩٥٠٠٠٠ | ٦,٩ | ٥٨٠٠٠٠٠ | ٦,٩ | ٧,٧ | ٣ |
| کۆ | | ١٣ | ١٠٠ | ٨١٩٥٠ | ١٠٠ | ٦٢ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٨٣٧١٥٠٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | |

سەرچاوە/ کاری توێژەر ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە ١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، ٢٠٢١، داتای بڵاونەکراوە. ٢- لێکۆڵینەوەی مەیدانی(٢٠٢١/٦/١-٢٠٢١/٩/١).

## باسی سێیەم/ شێوازی دابەشبوونی پرۆژەکانی پەلەوەر لە پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی ٢٠٢٠:

لەم باسەدا هەوڵ دەدەین شێوازی دابەشبوونی پرۆژەکانی پەلەوەر دیاری بکەین لە ڕێگای بەکارهێنانی یەکێك لە ڕێگا ئامارییەکان، کە ناسراوە بە پەیوەندی نزیکترین هاوسێیەتی (جار الاقرب)، بۆ ناسینی شێوازی دابەشبوونی دیاردە جوگرافییەکان لە یەکە ڕووبەرێکی دیاری کراودا، گرنگیەکەی لەوەدایە پشت بە ڕێگای ماتماتیکی دەبەستێت بۆ پێوانەکردنی ماوەی بڵاوبوونەوەی ڕەگەزەکانی دیاردەیەك بە دەوری یەکتردا لە دابەشبوونە شوێنییەکەی بە جۆرێك دەکرێت دابەشبوونەکە هەرەمەکی بێت، یان ڕێك و پێك بێت، یانیش کۆکراوە بێت، کە بەهای ئەم پێوەرە نزیك (سفر) بێت ئەوا شێوازی دابەشبوونی کۆکراوە دەنوێنێ، ئەگەر نزیك لە (٢,١٥) بوو ئەوا شێوازی دوور لەیەك دەنوێنێ، ئەگەر بەهاکە


ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٢٥ يناير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليا مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

(١) تەواو بوو ئەوا دابەشبوونەکە هەڕەمەکی دەبێت، یاخود دتبەشبوونەکە شێوازێکی دیاری کراوی وەرگرت ئەوا بەو مانایە دێت کە هێزو هۆکارێك لە پشت ئەو دابەشبوونەدا هەیە، (کاکەڕش، ٢٠١٦، ١٥٤)، بڕوانە خشتەی (٦).


خشتەی (٦) بەهای ڕێبەری شێوازی دابەشبوون

| بەهای هاوکۆلکەی ئاماری | شێوازی دابەشبوونی |
|---|---|
| ٠,٠٠ – ٠,٠٩ | **کۆبوەوە(متجمع)** |
| ٠,١ – ٠,٤٩ | **کۆبوەوەی نزیک لە هێشوویی(متقارب عنقودی)** |
| ٠,٥٠ – ٠,٩٩ | **کۆبوەوەی نزیک لە هەڕەمەکی(متقارب عشوائی)** |
| ١,٠٠ – ١,١٩ | **هەڕەمەکی(عشوائی)** |
| ١,٢٠ – ٢,١٥ | **لەیەک دوور (متباعد)** |

المصدر:- محمد أزهر السماك و عبد عباس العزاوي، البحث الجغرافي بين المنهجية و التخصيصية و الاساليب الكمية وتقنيات المعلوماتية المعاصرة(**GIS**)، طبعة الاولي، دار ابن الاثير للطباعة و نشر، جامعة الموصل، ٢٠٠٨، ص١٨٥.

لێرەدا بۆ جێبەجێکردنی شێوازی دابەشبوونی پرۆژەکانی پەلەوەر لە پارێزگای هەولێر پشت بە سیستەمی زانیارییە جوگرافیەکان (**GIS**) دەبەستین، بەو هەنگاوانە گەیشتینە بەدەست هێنانی زانیاری پەیوەندی نزیکترین هاوسێیەتی، بڕوانە وێنەی (١). ژمارەی پرۆژەکانی پەلەوەر بەم شێوەیە دابەش بووە، (٤٦٦) پرۆژەی پەلەوەری گۆشت و (٨) پرۆژەی هێلکەی خواردن و (١٣) پرۆژەی پەلەوەری دایکانە (تروکاندن)و (٣٠) پرۆژەی هەڵهێنانی جوجەڵە بۆ ساڵی (٢٠٢٠)، بڕوانە خشتەی (٧).

وێنەی (١) هەنگاوەکانی بەدەستهێنانی زانیاری پەیوەندی هاوسێیەتی



سەرچاوە/

کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: (**Arc GIS 10.8**).


ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٢٥ يناير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليا مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.٠

خشتەی (٧) تێکڕای پەیوەندی نزیکترین هاوسێیەتی بۆ پرۆژەکانی پەلەوەر لە پارێزگای هەولێر

| Nearest Neighbor | Critical value | P- value | Z- Score | پرۆژەکان |
|---|---|---|---|---|
| ٠,٣٢١٠٣٤ | (-٢,٥٨)-(+٢,٥٨) | ٠,٠٠٠٠٠٠٠ | -٢٨,٠٩٩٧٠٣ | پەلەوەری گۆشت |
| ٢,٠١٣٦١٢ | (-٢,٥٨)-(+٢,٥٨) | ٠,٠٠٠٠٠٠٠ | ٥,٤٨٤٦٣٢ | هێلکەی خواردن |
| ١,٣٣٧٧١٦ | (-٢,٥٨)-(+٢,٥٨) | ٠,٠٢٥٢١٦ | ٢,٢٣٨٠٧٠ | دایکانە (ترۆکاندن) |
| ٠,٨٨٧١٤٤ | (-٢,٥٨)-(+٢,٥٨) | ٠,٢٣٦٩٩٢ | -١,١٨٢٥٣٩ | هەڵهێنانی جوجەڵە |
| ٠,٣٢٢٩٣٨ | (-٢,٥٨)-(+٢,٥٨) | ٠,٠٠٠٠٠٠٠ | -٢٩,٥٣٦٦٤٧ | گشت پرۆژەکان |


سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: (**Arc GIS 10.8**).

شێوازی دابەشبوونی پەیوەندی نزیکترین هاوسێیەتی بەم شێوەی خوارەوە دەرکەوتووە:

**١- شێوازی دابەشبوونی پەلەوەری گۆشت:**

سەبارەت بە پرۆژەکانی پەلەوەری گۆشت، بڕوانە شێوەی (١)، کە دەرئەنجامی بەهای شیکردنەوەی پەیوەندی نزیکترین هاوسێیەتی بریتیە لە (٠,٣٢) ئەم بەهایەش دەکەوێتە ماوەی نێوان (٠,١-٠,٤٩) بە واتای کۆبووەوەی نزیك لە هێشویی دێت، بەهای پلەی پێوەری (Z- Score) (-٢٨,٠٩) بچووکترە لە بەهای (P- value) بریتیە لە (٠,٠٠٠٠٠٠٠) لەبەر ئەوە گریمانەی بنەڕەتی (سفر)ی ڕەت دەکەینەوە دەڵێت هیچ هۆکارێك نیە بۆ دابەشبوونی پرۆژەکانی پەلەوەری گۆشت کە بە شێوەی کۆبووەوەی نزیك لە هێشوییە، گریمانەی جێگرەوە پەسند دەکەین بۆ دابەشبوونی پرۆژەکانی پەلەوەری گۆشت کە بۆ چەند فاکتەرێك دەگەڕێتەوە لەوانە نزیکیان لە تۆڕەکانی ڕێگاوبان و شوێنی نیشتەجێبوونی دانیشتوان و بازاڕەکانی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان و کارگەکانی ئالیك و گونجاوی بەرزی و نزمی ناوچەکەو بڵاوبوونەوەیان بەسەر هەموو قەزاکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

شێوەی (١) دەرئەنجامی پەیوەندی هاوسێیەتی بۆ پرۆژەکانی پەلەوەری گۆشت لە پارێزگای هەولێر






حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی (**Arc GIS 10.8**) پشتبەست بە خشتەی (٧).

**٢- شێوازی دابەشبوونی هێلکەی خواردن:**

سەبارەت بە پرۆژەکانی هێلکەی خواردن، بڕوانە شێوەی (٢)، کە دەرئەنجامی بەهای شیکردنەوەی پەیوەندی نزیکترین هاوسێیەتی بریتیە لە (٢,٠١) ئەم بەهایەش دەکەوێتە ماوەی نێوان (١,٢٠-٢,١٥) بە واتای لە یەك دوور دێت، بەهای پلەی پێوەری (Z- Score) (٥,٤٨) گەورەترە لە بەهای (P- value) بریتیە لە (٠,٠٠٠٠٠٠) لەبەر ئەوە گریمانەی بنەڕەتی (سفر)ی هەڵدەبژێرین بۆ دابەشبوونی پرۆژەکانی هێلکەی خواردن کە بە شێوەی دوور لەیەکترە، لێرەدا گریمانەی بنەڕەتی پەسند دەکەین بۆ دابەشبوونی پرۆژەکانی هێلکەی خواردن

شێوەی پەیوەندی پرۆژەکانی هێلکەی پارێزگای هەولێر




(٢) دەرئەنجامی هاوسێیەتی بۆ خواردن لە


سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی (**Arc GIS 10.8**) پشتبەست بە خشتەی (٧).

**٣- شێوازی دابەشبوونی هەڵهێنانی جوجەڵە:**

سەبارەت بە پرۆژەکانی هەڵهێنانی جوجەڵە، بڕوانە شێوەی (٣)، کە دەرئەنجامی بەهای شیکردنەوەی پەیوەندی نزیکترین هاوسێیەتی بریتیە لە (٠,٨٨) ئەم بەهایەش دەکەوێتە ماوەی نێوان (٠,٥٠-٠,٩٩) بە واتای کۆبووەوەی نزیك لە هەڕەمەکییە دێت، بەهای پلەی پێوەری (Z- Score) (-١,١٨) بچووکترە لە بەهای (P- value) بریتیە لە (٠,٢٣٦٩٩٢) لەبەر ئەوە گریمانەی بنەڕەتی (سفر)ی ڕەت دەکەینەوە دەڵێت هیچ هۆکارێك نیە بۆ دابەشبوونی پرۆژەکانی پەلەوەری گۆشت کە بە شێوەی کۆبووەوەی نزیك لە هەڕەمەکییە، لێرەدا گریمانەی جێگرەوە پەسند دەکەین بۆ دابەشبوونی پرۆژەکانی هەڵهێنانی جوجەڵە کە بۆ چەند فاکتەرێك دەگەڕێتەوە لەوانە نزیکیان لە تۆڕەکانی ڕێگاوبان و زۆری پرۆژەکانی پەلەوەری گۆشت، کە پێویستیان بە پرۆژەی جۆجەڵە هەیە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان


ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٢٥ يناير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليا مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - **CC BY-NC-ND 4.0**

شێوەی (٣) دەرئەنجامی پەیوەندی هاوسێیەتی بۆ پرۆژەكانی هەڵهێنانی جوجەڵە لە پارێزگای هەولێر





سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی (**Arc GIS 10.8**) پشت بەستن بە خشتەی (٧).

**٤- شێوازی دابەشبوونی پەلەوەری دایكانە:**

سەبارەت بە پرۆژەكانی پەلەوەری دایكانە، بڕوانە شێوەی (٥)، كە دەرئەنجامی بەهای شیكردنەوەی پەیوەندی نزیكترین هاوسێیەتی بریتیە لە (١,٣٣) ئەم بەهایەش دەكەوێتە ماوەی نێوان (١,٢٠-٢,١٥) بە واتای لە یەك دوور دێت، بەهای پلەی پێوەری (Z- Score) (٢,٢٣) گەورەترە لە بەهای (P- value) بریتیە لە (٠,٠٢٥٢١٦) لەبەر ئەوە گریمانەی بنەڕەتی (سفر)ی هەڵدەبژێرین بۆ دابەشبوونی پرۆژەكانی پەلەوەری دایكانە كە بە شێوەی دوور لەیەكترە، لێرەدا گریمانەی سفری پەسند دەكەین بۆ دابەشبوونی پرۆژەكانی پەلەوەری دایكانە.

شێوەی (٣) دەرئەنجامی پەیوەندی هاوسێیەتی بۆ پرۆژەكانی پەلەوەری دایكانە لە پارێزگای هەولێر





سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی ( **Arc GIS 10.8**) پشتبەست بە خشتەی (٧).


ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٢٥ يناير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليا مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - **CC BY-NC-ND 4.0**

**٥- شێوازی دابەشبوونی گشت پرۆژەكانی پەلەوەر:**

سەبارەت بە پرۆژەكانی پەلەوەر بە گشتی، بڕوانە شێوەی (٥)، كە دەرئەنجامی بەهای شیكردنەوەی پەیوەندی نزیكترین هاوسێیەتی بریتیە لە (٠,٣٢) ئەم بەهایەش دەكەوێتە ماوەی نێوان (١,٠-٠,٤٩) بە واتای كۆبووەوەی نزیك لە هێشوویی دێت، بەهای پلەی پێوەری (Z- Score) (-٢٩,٥) بچووكترە لە بەهای (P- value) بریتیە لە (٠,٠٠٠٠٠٠) لەبەر ئەوە گریمانەی بنەڕەتی (سفر)ی ڕەت دەكەینەوە دەڵێت هیچ هۆكارێك نیە بۆ دابەشبوونی گشت پرۆژەكانی پەلەوەر كە بە شێوەی كۆبووەوەی نزیك لە هێشووییە، لێرەدا گریمانەی جێگرەوە پەسند دەكەین بۆ دابەشبوونی گشت پرۆژەكانی پەلەوەر كە بۆ چەند فاكتەرێك دەگەڕێتەوە لەوانە نزیكیان لە تۆڕەكانی ڕێگاوبان و شوێنی نیشتەجێبوونی دانیشتوان و بازاڕەكانی ساغكردنەوەی بەرهەمەكان و كارگەكانی ئالیك و گونجاوی بەرزی و نزمی ناوچەكەو نزیكی هەموو پرۆژە جۆربەجۆرەكانی پەلەوەر لە یەكتر، چونكە پرۆژە پەلەوەرییەكانی وەك پەلەوەری گۆشت و هێلكەی خواردن و دایكانەو هەڵهێنانی جوجەڵە پەیوەندیەكی بەهێزو پتەویان بە یەكتری هەیە.

شێوەی (٥) دەرئەنجامی پەیوەندی هاوسێیەتی بۆ پرۆژەكانی پەلەوەر بە گشتی لە پارێزگای هەولێر




سەرچاوە: كاری توێژەر بەبەكارهێنانی (**Arc GIS 10.8**) پشت بەستن بە خشتەی (٧).

بە مەبەستی دیاریكردنی ئاراستەی دابەشبوونی جوگرافی پرۆژەكانی پەلەوەر لە ناوچەی لێكۆڵینەوە (**Directional distribution**) ئەو پێوەرە بۆ دیاریكردنی ئاراستەی دابەشبوون بەكاردەهێنرێنرێت، بە مەبەستی دیاریكردنی ئاراستەی دابەشبوونی ڕەگەزەكانی دیاردەكە لە میانەی وێنەكێشانی شێوەی هێلكەیی، كە ئاراستەی دابەشبوونی زۆربەی ڕەگەزەكانی دیاردەی توێژینەوەكە دەنوێنێت، بە شێوەیەكی هێلكەیی ئاراستەی دابەشبوونی دیاردەكان ڕوون دەكاتەوە، ئەم پێوەرە بە بابەتێكی گرنگ دادەنرێتلە زانستی جوگرافیادا بۆ دیاریكردجنی ئاراستەی دیاردەكان، بە جۆرێك كە سوودی بۆ ئەنجامدانی كردارەكانی پلاندانان لێوەردەگیرێت(كارەش، ٢٠١٦، ٦٨).

لێرەدا بۆ جێبەجێكردنی شێوازی دیاریكردنی دابەشبوونی ئاراستەی پرۆژەكانی پەلەوەر لە پارێزگای هەولێر پشت بە سیستەمی زانیارییە جوگرافیەكان (**GIS**) دەبەستین، بەو هەنگاوانە گەیشتینە بەدەست هێنانی زانیاری پەیوەندی نزیكترین هاوسێیەتی، بڕوانە وێنەی (٢).


بەڵام سەبارەت بە ئاراستەی دابەشبوونی پرۆژەكانی پەلەوەر لە پارێزگای هەولێر بەم شوەی خوارەوەیە، بڕوانە نەخشەی (٣)، لێرەدا بۆمان دەردەكەوێت، ئاراستەی پرۆژەكانی پەلەوەری گۆشت پلەی سوڕانەوەكەی (٢٢) كە دەوری ناوچەی لێكۆڵینەوەی داوەو ئاراستەی دابەشبوونیان بەرەو باكوورو باكووری خۆرهەڵاتە، هۆكاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە پرۆژەكانی پەلەوەری گۆشت لە هەموو یەكە


ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٢٥ يناير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - **CC BY-NC-ND 4.0**

كارگێرییەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە بڵاوبۆتەوەو بە ئاسانی دەتوانرێت دابمەزرێت و سەرمایەی كەمتری پێویستە بە بەراورد لەگەڵ تەواوی پڕۆژەكانی تری پەلەوەر، ئەوەی تایبەت بێت ئاڕاستەی پڕۆژەكانی هەڵهێنانی جوجەڵە پلەی سوڕانەوەی (٨)، كە دەوری ناوچەی لێكۆڵینەوەی داوەو ئاڕاستەی دابەشبوونیان تاڕادەیەك بەرەو باكوورو باكووری خۆرهەڵاتە، هۆكاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، دامەزرادنی ئەم جۆرە پڕۆژانە لە بەشی هەرە زۆری یەكە كارگێرییەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە بەدی دەكرێت و بە تەواوكەری پڕۆژەكانی پەلەوەری گۆشت دادەنرێت و لە نزیك ئەو پڕۆژانە دامەزراون، سەبارەت بە دابەشبوونی هەر یەكە لە پڕۆژەكانی پەلەوەری هێلكەی خواردن پلەی سوڕانەوەی (٥٤)یەو پڕۆژەكانی پەلەوەری دایكانە پلەی سوڕانەوەی (٦٧)یە، كە ئاڕاستەی هەردووكیان دەكەوێتە خۆرهەڵات و باكوری خۆرهەڵات، هۆكاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕیتەوە، ئەم جۆرە پڕۆانە تەنها لە چوند یەكەیەكی كارگێری ناوچەی لێكۆڵینەوە بەدی دەكرێت، سەرەڕای ئەوەی پێویستیان بە سەرمایەكی زۆرو لایەنی هونەری بەرز هەیە بۆ چاودێری كردن و بەخێوكردنیان.

وێنەی (٢) هەنگاوەكانی بەدەستهێنانی ئاڕاستەی دابەشبوون


مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 5، العدد ١ (2024)
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٢٥ يناير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليا مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0




سەرچاوە/ كاری توێژەر بە پشت بەستن بە: (**Arc GIS 10.8**).


ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٢٥ يناير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليا مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - **CC BY-NC-ND 4.0**

نەخشەی (٣) دابەشبوونی جوگرافی بایەخی ڕێژەیی پرۆژەکانی پەلەوەر لە پارێزگای هەولێر




سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (٢، ٣، ٤، ٥).


ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٢٥ يناير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

## دەرئەنجام

لە میانی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە گەیشتنین بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١- گۆشتی مریشك بە خۆراکێکی باش دادەنرێت، بەهای خۆراکی بەرزەو بەوە جیادەکرێتەوە کە بە ئاسانی هەرس دەکرێت و خەڵکێکی زۆر بەکاری دەهێنن، بە بەراورد بە جۆرەکانی تری گۆشت و بەشداری زۆربەی پیشەسازییەکانی وەك خۆراکی مرۆڤ و ئالیك و پرۆتین و پەین و چەندین پیشەسازی تر دەکات.

٢- لە ڕووی دابەشبوونی جوگرافی بایەخی ڕێژەیی پرۆژەکانی پەلەوەری گۆشت لە سارە ئاستی پارێزگای هەولێر، قەزای دەشتی هەولێر لە پلەی یەکەمدایەو قەزای چۆمان ڕیزبەندی کۆتایی دایە.

٣- قەزای دەشتی هەولێر بە پلەی یەکەم دێت لە ڕووی بایەخی ڕێژەیی پرۆژەکانی هێلکەی خواردن لەسەر ئاستی پارێزگاکەو هەر یەکە لە قەزاکانی کۆیەو خەبات و سۆران و ڕواندزو مێرگەسۆرو چۆمان هیچ جۆرە پرۆژەیەکی تێدا بەدی ناکرێت.

٤- شێوازی دابەشبوونی پەیوەندی نزیکترین هاوسێیەتی لە پرۆژەکانی پەلەوەری گۆشت بریتیە لە (٠,٣٢) ئەم بەهایەش دەکەوێتە ماوەی نێوان (٠,١-٠,٤٩) بە واتای کۆبووەوەی نزیك لە هێشویی دێت.

٥- دەرئەنجامی بەهای شیکردنەوەی پەیوەندی نزیکترین هاوسێیەتی لە پرۆژەکانی هێلکەی خواردن بریتیە لە (٢,٠١) ئەم بەهایەش دەکەوێتە ماوەی نێوان (١,٢٠-٢,١٥) بە واتای لە یەك دوور دێت.

٦- بەهای شیکردنەوەی پەیوەندی نزیکترین هاوسێیەتی هەڵهێنانی جوجەڵە بریتیە لە (٠,٨٨) ئەم بەهایەش دەکەوێتە ماوەی نێوان (٠,٥٠-٠,٩٩) بە واتای کۆبووەوەی نزیك لە هەڕەمەکییە دێت.

٧- بەهای شیکردنەوەی پەیوەندی نزیکترین هاوسێیەتی لە پرۆژەکانی پەلەوەر بە گشتی بریتیە لە (٠,٣٢) ئەم بەهایەش دەکەوێتە ماوەی نێوان (٠,١-٠,٤٩) بە واتای کۆبووەوەی نزیك لە هێشویی دێت.

## پێشنیار

١- سەرەڕای زۆری ژمارەی پرۆژەکانی پەلەوەر لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، پێویستە گرنگی بە دامەزراندنی پیشەسازی خۆراکی و پەینی ئاژەڵی و جۆرەکانی تری پیشەسازی بدرێت.

٢- دامەزراندن و دروستکردنی پرۆکانی پەلەوەری وەك هێلکەی خواردن و هەڵهێنانی جەجەڵەو دایکانە لە هەر یەك لە قەزاکانی دەڤەری سۆران، کە هەر یەکە لە قەزاکانی سۆران و ڕواندزو مێرگەسۆرو چۆمان دەگرێتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان


### کتێبە کوردییەکان:

١- کارەش، هۆشمەند جوهر عباس، شیکردنەوەی توانستی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای شەقڵاوە، چاپخانەی سان، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠١٩.

### کتێبە عەرەبییەکان:

٢- ابراهیم، اسماعیل خلیل، تربیة دجاج اللحم وانتاجه، مطبعة جامعة الموصل، الموصل، ١٩٨٣.

٣- حسن، عیسی و موسی عبود، انتاج الدواجن، مطبعة دار الكتب، جامعة دمشق، ٢٠٠٩.

٤- السائغ، مظفر نافع وأخرون، مباديء النتاج الحيواني، دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة البصرة، ١٩٨٧.

٥- السماك، محمد أرهر و عبد عباس، البحث الجغرافي بين المنهجية و التخصيصية و الاساليب الكمية وتقنيات المعلوماتية المعاصرة(**GIS**)، طبعة الاولي، دار ابن الاثير للطباعة و نشر، جامعة الموصل، ٢٠٠٨.

٦- شقير، سلامة داود، مشاريع تربية الدواجن ضمان للمستقبل، منشورات دار علاءالدين/ الطبعة الاولى، دمشق، ١٩٩٧.

٧- مرعي، مخلف شلال و ، ابراهيم محمد حسون القصاب، جغرافية الزراعة، مطبعة جامعة الموصل، الموصل، ١٩٩٦.



ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٢٥ يناير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

**نامه زانستييەكان بە زمانی عەرەبی:**

٨- عبدالله، رقية فاضل و علي، أميرة محمد، أثر التغيرات المناخية على انتاجية لحوم الدواجن في قضاء الحلة للفترة (٢٠١٠-٢٠١٤)، مجلة كلية التربية الاساسية للعلوم التربية الانسانية، جامعة الموصل، العدد (٣٢)، ٢٠١٧.

٩- الفراجي، عدنان عطية محمد علي، انتاج الدواجن وتباينها في العراق ودورها في الامن الغذائي، أطروحة دكتوراه (غير منشورة)، كلية الاداب، جامعة بغداد، ٢٠٠٤.

١٠- الموسوي، انتظار ابراهيم حسين، التحليل الجغرافي لاقليم الدواجن قضاء الديوانية، رسالة ماجتسير (غير منشورة)، كلية الاداب، جامعة القادسية، ٢٠٠١.

**گۆڤارە زانستييەكان بە زمانی عەرەبی:**

١١- جابر، ماجد عبدالله، واقع تربية وانتاج الدواجن في محافظة ذي قار، مجلة أداب ذي قار، العدد (٨)، المجلد (٢)، ٢٠١٢.

١٢- العتابي، نادية حاتم طعمه، تحليل جغرافي لمشاريع الدواجن في محافظة واسط، مجلة كلية التربية للبنات، المجلد (٢٧)، العدد (٤)، ٢٠١٦.

١٣- مصطفى، نجاح طاهر، دراسة في تكوين البيضة وتركيبتها الكيمياوية في الطيور الداجنة، مجلة دواجن الشرق الاوسط وشمال أفريقيا، العدد (١٣٢)، بيروت، ١٩٩٧.

**سەرچاوە حكومييەكان:**

١٤- حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی بەشی سیستەمی زانیاری و نەخشەسازی (GIS)، نەخشەی یەكە كارگێرییەكانی پارێزگای هەولێر، ٢٠٢٠.

١٥- حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو، بەرێوەبەرایەتی گشتی كشتوكاڵی هەولێر، ٢٠٢١، داتای بڵاونەكراوە.

**سەردانی مەیدانی:**

١٦- لێكۆڵینەوەی مەیدانی (٢٠٢١/٦/١-٢٠٢١/٩/١).

١٧- بەكارهێنانی بەرنامەی (Arc GIS 10.8)

# A Geographical Analyzing for Poultry Projects and the Dividing Methods in Erbil Governarate

Assistant Pr. Mohammed Zahir Kokha Sadeq
Pr. D. Ahmed Jalil Ismael

**Abstract**

Agriculture sector is one of the most important pillars of economy, because it provides food for entire population. In addition, it provides raw materials for industrial sector. As well as, animal resources in general and poultry sector more specifically are one of the main parts of agricultural sector.

Poultry products are an important resource for population food in terms of food security. this necessity rises with increasing population and human being desires on it.

The purpose of the research is to reveal current poultry products in Erbil Province in terms of division methods. the research has been divided into three main parts. The first part is an explanation for importance of poultry products. The second part is about distribution of the valuable of poultry projects. The third part has been specified for division methods of poultry projects in the province.

مجلّة پۆلیتکنیك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 5، العدد ١ (2024)
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٢٥ يناير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0